سەرکی یەکێتی پێشوازی لە هەڵوەشاندنەوە و چەکدانانی پەکەکە دکات



ئەڤ دووشەمە، سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشوازی لە خەهەڵوەشاندنەوە و چەکدانانی پارتی کرکارانی کوردستان (پەکەکە) کرد و راشیگەیاند، " تەنیا رێگا بۆ سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کوردە".

بافڵ جەلال تاڵەبانی لەپەیامێکدا بۆیکردەوە، "بۆیاری پەکەکە بۆ بەدەمەوەچونی بانگەوازەکەی عەبدوڵا ئۆجەلان و خەهەڵوەشاندنەوە و چەکدانان لەم قۆناغە هەستیار و چارەنوسسازەدا هەنگاوێکی مێژویییە و پێشوازیی لێدەکەین".

ڕاشیگەیاندوە، یەکێتیی وەك هەمیشە پەرشە بۆ سەرخستنی پرسەی ئاشتی و هاوکار و پشتیوانی هەمولایەك دەبین بۆ سەرخستنی ئەم هەوڵە، پێمانوایە چەکدانان بەشێکی پرسەکەیە و دەبێت هەنگاو و بەشەکانی دیکەی پرسەکە جێبەجێبکرێت تاوەکو بگەینە ئەو ئامانجانەی هەوڵمان بۆیان داوە".

ئەوەشیخستەڕو، "ئێمە بە شۆن هەنگاوەکانی سەرك مامجەلالدا ستراتیجی نیشتمانیی خۆمان ئاماستە دەکەین کە وەك یەکەم سەرکردە شانی دایە بەر سەرپێخستنی پرسەی ئاشتی،

ئەمەش بەردەوامین لە هەوڵەکانمان بۆ سەرخستنی ئەم هەنگاوە مێژوییە".

بافڵ جەلال تاڵەبانی دەشێت، "دوپاتیدەکەمەوە تەنیا ڕێگا بۆ سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کوردە".

ڕونیشیکردەتەوە، "هیوام سەرخستنی پرۆسەی ئاشتییە لەگەڵ باکوری کوردستان و تورکیا تاوەکو لاپەڕەیەکی نوێی سیاسی و دیپلۆماسی لە نێوان سەرجەم لایەنەکان هەڵبدرێتەوە و هەنگاو بۆ کارکردنی پێکەوەیی بنرێت و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر تەواوی کوردستان هەبێت".